# ٤٨ خولەك

**عەلی سەرباز**

کارەکتەرەکان:
- کات
- سارا
- ڕۆژین
- ڕەشە
- سەربازی ١
- سەرباز ٢
- سەرباز ٣
- چیرۆکگێڕەڕەوەکە

پەردەی یەکەم
**(لە نێوەڕاستی موبەغەکە، مێزێك و دوو کورسیی هەن و مۆمێك مێزەی نانخواردنەکە ڕووناك دەکاتەوە.)**

کات: لەسەر مێزی نانخواردن ڕۆژنامەیەکی بەدەستەوەیە، بەرەو ڕووی بینەرەکان دانیشتووە.
کات:هەمیشە دەمەوێت کارێک بکەم، کە هیچ کەس نەیکردبێت، لە داهاتووش کەس نەتوانێ لاساییم بکاتەوە. پیاوێکم، کە تایبەتمەندییەکانم ڕاستەقینە و سروشتیانە نیشانی هاوڕێکانم دەدەم، تەنیا هاوژینەکەم نەبێت، هەمیشە بە ڕووخسارێکی پڕ لە نهێنیی و درۆ خۆمی نیشان دەدەم.
**(هەڵدەستێت بۆ پازدە چرکە لەبەر چاو ون دەبێت، دواتر بە پەرداغێ ئاو دەگەڕێتەوە لەسەر کورسیەکەی دادەنیشێت و درێژە بە قسەکانی دەدات)**
تەنیا منم هەست بە دڵی ئەم مرۆڤانەی دەوروبەرم دەکەم، پازدە ساڵە دەمەوێت سروشتی خۆم لەگەڵ هاوژینەکەم بگونجێنم، کەچی ژن هەر ڕۆژە و سروشتێکی هەیە، هەر ڕۆژە شەڕێکمان پێدەفرۆشن، وەک دەڵێن: **(خودا چ بلیمەتێک بووە ژنی ئافراندووە.)**
**(سارا دێتە ژوورەوە، مەقەڵەیەک و چەند سەموونێکی بەدەستەوەیە، مەکسییەکی گوڵگوڵیی دەبەرەدایە و قژی درێژ و ڕەشە.)**
**(کات: ئاگای لە هاتنە ژوورەوەی سارا نییە، خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەکەیە.)**
سارا هەر بە پیاسەکردنەوە چوار هەنگاو بۆ چەپ، چوار هەنگاو بۆ ڕاست، دەست بە قسەکردن دەکات.

هیچ شتێک لەم ماڵە گیانی بەبەرەوە نەماوە. جاران دوو جەستە و ڕووحێک بووین، دەمانگوت ئێمە بەختەوەرترین هاوسەرین، ئێستاش دوو جەستە و دوو ڕووحی پەرێشان. هەموو شتێکی ئەم ماڵە بێهێزت دەکات؛ تەلەفزیۆنەکان، دیوارەکان، گۆرانییەکان و بوونی هاوژینێکی سارد. لەملا هاوژینێک، کە چەرخێک پێکی ناساندین، ئیتر ئەم هاوسەریەتییەش، وەک ئەم چەرخە غازی تێدا نەماوە و بە کەڵکی هیچ شتێک نایەت. بەو عیشقەی جاران هەمان بوو، هیچ شتێک نەیدەتوانی درزی تێبخات. بەڵام ئێستا چێژ لە گێڕانەوەشی نابینم. هەموو شتێکمان خستووەتە ئەستۆی چارەنووس، گوایە چارەنووس دژایەتیی هاوسەریەتییمان دەکات.

**(سارا دەگەڕێتەوە سەر مێزی نانخواردن)**

**کات:** دەزانی ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆ جگە لەچەند دەم و چاوێکی دووبارە و بێزارکار، هیچی تری تێدا نییە.

**سارا:** کات تۆ خەم لە هەموو جیهان دەخۆیت، لەجیاتی ئەوە خەم لەوە بخۆ بۆ بەیانیی چی بخۆین، خۆ ناچم ئەم ڕۆژنامە حیزانەت بۆ لە ڕوون بکەم.

**کات:** دیسان باسە حیزەکەیە، هیچی تر نییە بۆ گوتن!

**سارا:** تۆ هەمیشە دەتەوێت خۆت لە کێشەکان بە دوور بگریت، وا خۆت نیشان دەدەیت، کە تۆ هیچ تاوانێکت نییە.

**کات:** هیچ کێشەیەک نییە، ئەوە تۆیت هەموو بەیانییەک کۆمەڵێ کێشە دروست دەکەیت و دەیخەیتە ئەستۆم، بەس نییە ماڵێکمان هەیە.

**(هەردووکیان بێدەنگ دەبن، دەست بە نانخواردن دەکەن، سارا بێدەنگیی دەشکێنێ)**

**سارا:** کات ئەمڕۆ دەچم بۆ بازاڕ، دەمەوێت تۆش لەگەڵم بێیت و بازاڕ بکەین.

**کات:** من کارم زۆرە، ناتوانم بە دوای تۆ بکەوم.

**سارا:** وەک مێردی هاوڕێکانم، تۆیش ڕۆژێک لەگەڵم بازاڕ بکە، تۆ نازانیت ئەم کارە ئێمەی ژن چەند دڵخۆش دەکات.

**کات:** سارا تکایە ئەم بابەتە ببڕێنەوە، پێم گوتی ناتوانم و کارم زۆرە.

**سارا:** تۆ هەرگیز ڕۆژێک بێکار نەبوویت، هیچ کارێکیشت دیار نییە.

**کات:** دیسان پرتەوبۆڵەی بەیانیان.

**سارا:** نەفرەت لەو ڕۆژەی چەرخم پێدایت.

**(تەواوی ژوورەکە تاریک دەبێت)**

**دەنگێک**
**٤٨ خولەك ژیان، دەرفەتی بەیەکبوونمان پێدەدات، دەرفەتی دوو قاوە، ٤٨ خولەك بەسە بۆ ئەوەی بیری یەکتر بکەین، گوێ لەم گۆرانیانە ڕادێرین، کە هیچ یادگارییەکمان لەگەڵیاندا نییە، ٤٨ خولەك خۆمان ئازار دەدەین، بەدوای تاقە ئومێدێک دەگەڕێین، کە هێند نزیکە لێمانەوە هێشتا هەست بە دۆزینەوەی ناکەین.**

گەڕانەوە بۆ پێش ١٥ساڵ

**٣٠ چرکە**
**(سارا دێتە ژوورەوە لەسەر کورسییەکی دووتاکیی دادەنیشێت، کاغەزێکی بەدەستەوەیە، ڕوو لەبینەر؛ نامەکە دەخوێنێتەوە، دەگریی، هیچ کەس لە کاتی خوێندنەوە گوێی لە دەنگی وێ نابێت.**
**کات، قات و ڕیباتێکی لەبەر دایە، لەلای ڕاستی سارا پشت لە بینەر، لەبەرخۆیەوە جارجار گۆرانییەک دەڵێت و دەیداتە قاقای پێکەنین).**

دەنگی میوزیک دێت، تەواوی تەختی شانۆیەکە ڕووناک دەبێتەوە، **سارا** بە جانتاکەیەوە پشت لە **کات** لەسەر کورسییەکە دانیشتووە. کاتیش لەلای ڕاستی **سارا**وەیە، ڕوو لەبینەر.
**کات:** جگەرەیەکی لەدەمە، وا پێشان دەدات لە گیرفانەکانی بەدوای چەرخەکەیدا دەگەڕێت، چەند جارێک گیرفانەکانی دەپشکنێت، دواتر بێهیوا دەبێت لە دۆزینەوەی.

کات **(لەبەر خۆیەوە قسان دەکات):** هەمیشە ئەم چەرخە حیزە کێشەم بۆ دروست دەکات، دەزانم لە شوێنێک هەڵم گرتووە، خەریکە دەمارەکان لە جەستەم دێنە دەرەوە، خوێنم تا دێت شەڕانگێزتر دەبێت، ئاخر لەم شوێنە حیزە، کە هیچ دووکانێکی لێنییە چەرخ لەکوێ بهێنم؟ تۆ بڵێیت ئەم کچە چەرخی پێنەبێت؟ ئاخر هەی دەبەنگ، کچ چەرخی بۆ چییە؟ ئەم کچە پێدەچێت، وەک من داماوێک بێت، چەقۆی ژیانی بەرکەوتبێت. بۆ نا. هەمیشە چەکی گەورەی کچ خۆ سووتاندنە، ئەوان وەک ئێمەی پیاو نین، کۆمەڵێ کەرەستەی خۆکوشتنیان هەبێت، ڕەنگە بۆ دۆزینەوەی شوێنێک بۆ خۆسووتاندن گەڕابێت، هاتبێت لێرە دانیشتبێت تا شوێنێک دەدۆزێتەوە.

خۆی لە سارا نیزیک دەخاتەوە، جگە لە کورسییە دووتاکییەکە، تەواوی تەختی شانۆیەکە تاریکیی دەیتەنێت.

کات: خانم دەتوانم چەند خولەک لە تەنیاییت بگرم؟
وەڵام نییە.
دووبارەی دەکاتەوە؛ خانم دەتوانم چەند خولەک لە تەنیاییت بگرم؟
بێدەنگیی
ئەم جارە دەستێک خۆی دەخاتە سەر شانی سارا و وێ ڕادەچڵەکێنێ.

سارا (لەبەر خۆیەوە): ئەم ئێوارەیەش میوزیکەکان بەدڵی من نین.
کات: خانم تۆ باشی؟
سارا (بە شپرزەییەوە): بەڵێ بەڵێ باشم.
کات: ببوورە ویستم بزانم چەرخت پێیە؟
سارا: نازانم بیرم نەماوە، بوەستە با جانتاکەم بگەڕێم بزانم چەرخی تێدایە.
سارا بە شڵەژاویی جانتاکەی دەگەڕێت، چەرخەکە دەدۆزێتەوە و دەیدات بە کات. کات جگەرەکەی پێدەکات و دەڵێت؛ ئەم جارەش ژیان دەرفەتی گوێگرتنی سووتانێکی تری پێدام.
سارا: شتێکت وت؟
کات: نا
سارا: با
کات: هیچ شتێکی وا نەبوو. دەتوانم دابنیشم؟
سارا: بۆ نا.
دەنگی میوزیک نامێنێت
سارا: گوێم لێبوو باسی سووتانت دەکرد، تۆ هیچ سووتانێکت ئەزموون کردووە؟
کات: بەڵێ، سووتانی جگەرەکەم.
سارا: من ئەوە ناڵێم، سووتانی ماڵاواییەک، عیشقێک، مردنێک، میوزیکێکی ناخۆش، سووتانی ئەو برینانەی، کە هی خۆت نەبن.
کات: سووتانی جگەرەکەم.
سارا: پیاوەکان ئاگردانێکی هەمیشەیین.
کات: جگەرەکەم خەریکە تەواو دەبێت.
سارا: شتێکت وت؟
کات: دەتەوێت خۆت بسووتێنیت؟

**سارا:** من دەمێکە سووتاوم، ئەوەی ماوە جەستەیەکی شەکەت و کەلەلایە.
**کات:** ژنەکان بۆچی بۆ خۆکوشتن پەنا دەبەنە بەر ئاگر؟
**سارا:** ئاخر ئاگر ئەوان ئازار نادات. کەسێک ڕووحی سووتابێت، ئیتر سووتانی لاشە ئازاری دەدات؟ نا، ئەوان ئاگر بۆ خۆکوژیی بەباشترین ڕێگە دادەنێن. ئاگر میهرەبانترە لە مرۆڤەکان. ئاگر ئێمە ئازار نادات، بە میهرەبانییی دەمانکوژێت.
**کات:** بۆیە جگەرەکەم چێژ لە سووتان دەبینێت.
**سارا:** من باسی ژنت بۆ دەکەم، نەک جگەرە!
**کات:** دەتەوێت سووتانی جگەرەیەک لە دەمی خۆت ببینی؟
**سارا:** من دەمەوێت سووتانی لاشەی خۆم ببینم.
**کات:** ژیان لەوە جوانترە وامان لێبکات، بەدوای بەڕەڵلاییيەکانی مردن بگەڕێین! هەمیشە سپاسی ئەو کاتانە بکە، کە لەنێوی ژیاویت و مردن زەفەری پێنەبردوویت. سپاس بۆ چەرخەکەت.
سارا: ئەو هەموو «سوپاس»ە چییە دەیکەنە بار بەسەر تەنیاییيمەوە.

**(بێدەنگیی، کات خەریکی خواردنی نینۆکەکانیەتی. سارا دووبارە نامەکە لە جانتاکەی دێنێتە دەرەوە. دەیخوێنێتەوە. لە خوێندنەوەی تەواو دەبێت. بێدەنگییەکە دەشکێنت و ڕوو لە کات دەکات)**

**سارا:** ببوورە دەتوانم پرسیارێکی تایبەت بکەم.
**کات:** بۆ نا، چ پرسیارێک حەز دەکەیت بپرسە.
**سارا:** تۆ هەرگیز لە ژیانتدا عاشق بوویت؟
**کات:** ئەو پرسیارەی کە ڕۆژانە لە هەزاران خەڵک دەکرێت. بەڵێ منیش وەک هەموو خەڵکێک عاشق بووم، بەڵام عیشقی من جوودا و سەیرە.
**سارا:** حەزدەکەم چیرۆکی ئەم عیشقەتم بۆ باس بکەیت، ئەگەر برینەکانت ڕێگەت پێبدەن.
**کات:** بۆ نا، هەموو کەسێ چیرۆکی من دەزانێت لە مێروولەیەک تا بێدەنگترین فریشتەی خودا؛ چەند ساڵێک بەرلە ئێستا کچێکم خۆشدەویست، ئەم کچەش مەرجێکی بۆ دانام و پێی وتم: دەبێت قورانێکم بۆ بێنیت.
**سارا: (بە کەمێ گاڵتە و پێکەنینەوە)** قوران!
**کات:** بەڵێ، قوران ئەوکات کێشەیەکی گەورە بوو بۆ من.
**سارا:** بۆ؟
**کات:** ئێمە زۆر هەژار بووین، هەفتانە تەنیا لە ماڵەوە ٥٠٠ دیناریان پێدەدام، ئەویشم بە پاکەتێک جگەرە دەدا.

**سارا:** دواتر چیتکرد؟
**کات:** ڕۆژێک دەمەو ئێوارە بە غەمگینییەکی زۆرەوە چووم بۆ مزگەوت نوێژ بکەم، کە سەیری مزگەوتەکەم کرد، نزیکەی ٢٠٠ قورانی لێیە، پێنج کەسیش نابینم بیخوێننەوە، منیش چاوەڕێم کرد تا مزگەوت چۆڵ بوو؛ قورانێکم لەبن قەمیسە قڕێژاوییەکەم نا و وەک دزێکی دڵخۆش هاتمە دەرەوە.
**سارا:** **(بە سەرسووڕماوییەوە)** دزینی قوران؟ هەر ئەمە مابوو.

**(کات وەک ئەوەی گوێی لە قسەی سارا نەبووبێ بەردەوام دەبێت)**

ئەو دەمەو ئێوارەیە بێەوەی بووەستم، چووم بۆ بەر دەرگەی ماڵی کچە و چاوەڕێم کرد تا هاتە دەرەوە، قورانەکەم پێشانیدا.
**سارا:** دواتر، بەردەوام بە.
**کات:** کچە دڵخۆشییەکی زۆری پێوە دیار بوو، با زۆر درێژی نەکەمەوە، ئیدی کچە ڕازیی بوو.
**سارا:** ئەی ڕووداوەکانی دوای ڕازیبوونی مەعشووقەکەت؟ هەڵبەتە ئەگەر خۆت مەیلی گێڕانەوەیت هەبێت.
**کات:** بۆ نا، ئەویشت پێدەڵێم تازە دەستم بە چیرۆکەکە کردووە، دواتر لەگەڵ کچەکە هەموو دەمەو نیوەڕۆی هاوینان ژوانمان لە نزیک کۆڵانی ماڵیان بوو، لەکاتی ژوان فێری چۆنیەتیی نوێژ و قوران خوێندنی دەکردم. **(ڕاستیەکەی تا ئەو دەمە من ئایەتەکانم لێتێکەڵ و پێکەڵ دەبوون و سەرەدەرییم لە داچەمین و دانیشتنیشدا نەدەکرد.)**
**سارا:** شتێکی زۆر باشی کردووە، ئێ دواتر؟
**کات:** ئەم ژوانانەمان ماوەیەکی زۆری نەبرد، ماڵیان لەم شارە بارکرد.
**سارا:** چی، باریانکرد؟
**کات:** بەڵێ، باریانکرد بەبێەوەی بزانم بۆ چ شارێک دەچن، هیچ ڕێگەیەکیشم شک نەدەبرد، تا هەواڵێکی لەبارەیەوە بزانم.
**سارا:** ئەی داماو، تووشی چ ئازارێک بوویت!
**کات:** لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ هەموو شتێکم بووبوو بە وێ، کە ناوی خودا، قوران و پێغەمبەر دەهات من پڕ دەبووم لە غەمگینیی، لەو کاتەوە، من لە گوێگرتن لەم سێ ناوە هەڵدێم، پڕ دەبم لە نائومێدیی و هەست بە شکانێکی گەورە دەکەم لەخۆم. وێ، هەموو شتێکی لەگەڵ خۆی برد، تەنانەت ئەو خودایەی، - کە من نەمبینیی، چجای ئەوەی قسانی لەگەڵ بکەم، لێ- وێ باسیدەکرد و بە میهرەبان ناوی دەبرد.
سارا: مافت پێدەدەم، دەزانم لە چ دۆزەخێک دایت.

**کات:** وەڵێ ئەمڕۆ خۆشنوود بووم.
**سارا:** بۆ؟
**کات:** ئەمڕۆ بە دوو منداڵەوە بینیم.
**سارا:** چچ، بینیتەوە؟
**کات:** بەڵێ، نەک هەر ئەوم بینی، بگرە قورانەکەشی بۆ گەڕاندمەوە.
**سارا:** کە بینیت چیتان گوت؟
**کات:** ئەمڕۆکە هاتە لام، زۆر هەوڵمدا ناویم بیر نەدەهاتەوە.
**سارا:** بۆ مەگەر ناوت بیر چووبوەوە، ئەی چی گوت کە زانی ناویت بیرنەماوە؟
**کات:** وتی؛ مادەم تۆ ناوی منت بیر نەماوە، چۆن منت دێتەوە یاد؟
**سارا:** ڕاست دەکات، چۆن ئەوت بیر دەکەوتەوە؟
**کات:** وتم، ڕۆژانە هەزار جار گوێم لە ناوی خودا و قوران دەبوو، من لەم ناوانەڕا دەتناسمەوە، تۆنەبوویت جگە لەم ناوانە هیچی ترت جێنەهێشت.
**سارا:** ئەی پیاوی داماو.
**کات:** ببوورە چەرخەکەتم پێنادەیتەوە؟
**سارا:** فەرموو من نامەوێت، چەرخەکە هەڵبگرە بۆ خۆت.
**(کات جگەرەیەکی تر دادەگیرسێنێت، قوومێک وەك ئەوەی برینەکانی لەسەر دووکەڵی جگەرەکە هەستپێبکات. بە تۆنێکی نزم گۆرانییەکی«حەسەن هەیاس» دەڵێتەوە:**
**«ئای چەند گرفتاری تۆم**
**جگەر برینداری تۆم**
**دڵ بەستەی زونناری تۆم**
**ئای چەند گرفتاری تۆم»)**

لەم کاتەدا سارا گۆرانییەکەی پێدەبڕێت.
**سارا:** ببوورە دەبێ بڕۆم، کات دێری کردووە.
**کات:** چارەنووس جارێکی تر دەرفەتی دانیشتنێکی ترمان پێدەدات؟
**سارا:** بۆ نا، چارەنووس لە دەستی خۆماندایە، بەیانی کاتژمێر ٣:٤٨ی ئێوارە، هەر لێرە یەکتر دەبینینەوە.
**کات:** زۆر باشە.
**سارا:** خۆشحاڵ بووم بە بینینت، خودات لەگەڵ.
**کات:** منیش هەروا خۆت لەگەڵ

تەختەی شانۆیەکە تاریک دەبێ،

# دەنگێك

**خودایە بهێڵە با لەنێو یەکێک لەم دەقانەدا بمرم، یارمەتیم بدە بمرم، ئەم دەقانەی من هەمە هی ژیان نییە. قاچەکانی من گۆشت و خوێنن و بەرگەی ئەم ڕێگە دوورانە ناگرن. ئێستا ٤٨ خولەکە، نە ڕێگەی ڕزگاربوونی بۆ ماوەتەوە و نە هیوای ژیان. کات بۆ هەموو شتێك بەسەر چووە. بهێڵە با ببم بە پەیکەر و ئەڤینداران ناوی دڵبەرەکانیان لەسەرم بنووسن، بەڵام با بۆ هەمیشە لەم جیهانە ون بم. کەس دەرچەی مردنیشی بۆ نەهێشتوومەتەوە. بڕوانە، (بۆ چەند چرکەیەک ڕووناکیی لە ناوەڕاستی شانۆیەکە دەدات، کەسێک پشت لە بینەر دەستەکانی بەرەو ئاسمان بەرز کردووەتەوە و درێژە بە قسەکانی دەدات) سەیرم بکە من ٤٨ خولەکی تر، ژیانم گەرەکە، ڕووح و جەستەم هەردووك مردوون، کەچی هێشتا ماوم، وەک کیسەڵێکم؛ هەموو ژیانم لەکۆڵ بێت، شەقاوەکان بەدەیان ڕۆژ چەند مەترێکی کەم دەبڕن، ئەم کۆڵە هی من نییە، من دەمێکە دابڕاوم لە کاروانەکانم.**
**سەیرم بکە من نە تارماییەکی سەرگەردانم و نە مرۆڤ.**

**تەختەی شانۆیەکە ڕووناک دەبێتەوە**
**مێزێک و دوو کورسیی دانراون**
**کات لەسەر کورسیی دانیشتووە، ڕوو لە بینەر مۆبایلەکەی لەنێو دەستە، یاری پۆکەر دەکات، ساراش لای چەپی کات لەسەر مێزەکە مۆبایلێکی بەدەستەوەیە. هەڵدەستێت بەرەو لای چەپ وەردەچەرخێت و مۆبایلەکەی دەخاتە سەر شەحن و دەگەڕێتەوە سەر کورسییەکەی و ڕوو لە کات.**

**سارا:** کات
کات وەڵام ناداتەوە، مژوول بە یاریی پۆکەرەکەیە، سارا چەند جارێک بانگی دەکات، کات مۆبایلەکەی هەڵدەگرێت، لەبەرخۆیەوە دەڵێت ئەم پۆکەرە ڕۆژێک مۆبایلەکەم پێ دەشکێنێت.
**سارا:** کات
**کات:** گیان گیان گوێم لێتە.
**سارا:** هیچ. حەزم لەم وشەیەت بوو، دەمێکە نەتگوتووە گیان.
**کات:** مۆبایلەکەم.
**سارا:** دەمێکە بیری قسە خۆشەکانی جارانت دەکەم، ئاخر پیاو، کە دڵی کچی تەواو داگیر کرد، ئیدی زوو دەگۆڕێن و خۆیان لە هەموو قسانی ڕابردوویان بەدوور دەگرن .
**کات:** مۆبایلەکەم.

**سارا:** نازانم حیکمەتی ئەو کتێبانە لەچییدایە، هەمیشە پیاوەکان قوربانیدەری یەکەمن، نا ئەوان درۆ دەکەن، پیاوەکان زوو پەرداغی دەستیان دەشکێنن و لە پارچەکان ئاو دەخۆنەوە. ئا ئێوە وەک ئەم پەرداغە شکاوانە، تەنێ مانگە سەرەتاکانی هاوژینیی، قسە ڕۆمانسییەکان دەکەن، دوای ئەوە دەبێت ئێمە لە پارچەکان بەدوایاندا بگەڕێین.
**کات:** مۆبایلەکەم؟
**سارا:** ئەوەتا لەنێو دەستتدایە.
**کات:** مۆبایلەکەی ترم دەڵێم.
**سارا:** من قسەت لەگەڵ دەکەم، تۆش بەدوای مۆبایلەکەت دەگەڕێیت؟
**کات:** قسەکانت وەک هەمیشە دووبارەن، ئیتر بێزاربووم لەو قسە بێمانایانە.
**سارا:** ئەوە تۆی هەموو شتێکت بێمانا کردووە نەک من.
**کات:** خۆی لەسەرەتاوە هەموو شتێک بێمانایە.
**سارا:** ژیانیش؟
**کات:** ئەرێ، ژیان بەر لە هەموو شتێ.
**سارا:** ئەوە تۆ نەبووی گوتت ژیان لەمە جوانترە وامان لێبکات بەدوای بەڕەڵاییەکانی مردن بگەڕێین؟
**کات:** ئەو دەم لەبەرئەوە گوتم تۆی گەمژە لە خۆکوشتنێکی بێهۆکار پەشیمان بکەمەوە.
**سارا:** قسەی قـۆڕ.
**کات:** ئەرێ هەموو شتێک قۆڕە، نەک تەنیا ئەم قسەیەم.
**سارا:** دزینی قورانەکەش بێمانا بوو؟
**کات:** (بە تووڕەیییەوە) پێم گوتی چیتر باسی ئەم شتە نەکەیتەوە.
**سارا:** بۆنا، باسی دەکەمەوە، تۆ هێشتا عاشقی وێییت، وێیەک لە بچووکترین شتیشدا بیر لەتۆ ناکاتەوە.
**کات:** سارا دەبیبڕێنەوە.
**سارا:** نەفرەت لەو ڕۆژەی، کە پێم گوتی عاشقی تۆم، ئاخر منی گەمژە چۆن لە دوو ڕۆژی ناسینت عاشقت بووم.
**کات:** خۆزگە زمانم لاڵ ببووایە، بەس پێم نەگوتبای دەرفەتی بینینەوەیەکی ترمان هەیە.
**سارا:** چەند گەمژە بووم بەدوو ڕۆژ بە داوای هاوسەرگریەکەت ڕازیی بووم، هەر دەبوو ئەوکات بمزانیبا، منت بۆ ئەوە دەویست تاوەکو وێ لەبیر بکەیت، کەچی ئەوەتا هێشتا خۆشتدەوێت.
**کات:** وتم بەسە بیبڕێنەوە **(لە سارا نزیک دەبێتەوە، شەقێک لە ڕوومەتی سارا دەدا، بە غەمگینییەوە دەڵێت:)** ئیتر هیچ شتێک مانای نەماوە.

**سارا: (بە گریانەوە)** بەڵێ، دەمێکە هیچ شتێک مانای نەماوە، نەفرەت لەو ڕۆژەی چەرخەکەم پێدایت.

**بێدەنگیی، تەواوی ژوورەکە تاریك دەبێت**
**لە تاریکی دەنگێک دێت**

**خودایە بهێڵە با لەنێو یەکێک لەم دەقانەدا بمرم، یارمەتیم بدە بمرم، ئەم دەقانەی من هەمە هی ژیان نییە. قاچەکانی من گۆشت و خوێنن و بەرگەی ئەم ڕێگە دوورانە ناگرن. ئێستا ٤٨ خولەکە، نە ڕێگەی ڕزگاربوونی بۆ ماوەتەوە و نە هیوای ژیان. کات بۆ هەموو شتێك بەسەر چووە. بهێڵە با ببم بە پەیکەر و ئەڤینداران ناوی دڵبەرەکانیان لەسەرم بنووسن، بەڵام با بۆ هەمیشە لەم جیهانە ون بم. کەس دەرچەی مردنیشی بۆ نەهێشتوومەتەوە. بڕوانە، (بۆ چەند چرکەیەک ڕووناکیی لە ناوەڕاستی شانۆیەکە دەدات، کەسێک پشت لە بینەر دەستەکانی بەرەو ئاسمان بەرز کردووەتەوە و درێژە بە قسەکانی دەدات) سەیرم بکە من ٤٨ خولەکی تر، ژیانم گەرەکە، ڕووح و جەستەم هەردووك مردوون، کەچی هێشتا ماوم، وەک کیسەڵێکم؛ هەموو ژیانم لەکۆڵ بێت، شەقاوەکان بەدەیان ڕۆژ چەند مەترێکی کەم دەبڕن، ئەم کۆڵە هی من نییە، من دەمێکە دابڕاوم لە کاروانەکانم. سەیرم بکە من نە تارمایییەکی سەرگەردانم و نە مرۆڤ.**

**❊❊❊**

**پەردەی دووەم**

**(کوورسییەک لەلای ڕاستی شانۆیەکە دانراوە، ڕووناکیی هێواش هێواش زێتر دەکات، لە دە چرکە تەواوی تەختی شانۆیەکە ڕووناک دەبێتەوە، دەنگیی فلووت لەگەڵ ڕووناکییەکە بەرز دەبێتەوە، بۆ بیست چرکە تەختی شانۆیەکە وا دەمێنێتەوە، لە پێنج چرکە تاریکیی دەنگی میوزیک نامێنێت).**

**دەنگێک ...**
**ڕۆژانێکی ناخۆش ڕووی تێکردووین، کەسمان ڕێشمەی خۆمان لەدەست خۆمان نەماوە، دڵخۆشییەکان، دڵتەنگییەکان کەوتوونەتە دەست تیڤیی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەمانەوێت وەک منداڵەکان دەممان لە مەمکی ژیان گیر بکەین، بەدەم شیرمژینی ئومێد لەوادەی خۆی خەومان لێبکەوێت، چڕنووک لە خۆمان دەگرین، گوێ لە هەزار گۆرانیی دەگرین، گۆرانییەک نادۆزینەوە یادگارییەکی جوانمان لەگەڵی هەبێت. هەزاران جار لە نێو جێگە ئەملاولا دەکەین، سەرمان**

**دەخەینە ژێر سەرین، شەڕ لەگەڵ هەزاران خەیاڵ دەکەین، بۆ ئەوەی ئەمشەو زووتر بخەوین لە شەوەکانی تر.**
**بەیانی هەڵدەستین، یەکەم بۆن، کە بەرلووتمان دەکەوێت، بۆنی جێی خەومانە، بۆنی ئەو ئارەقەیە، کە لە خەونەکانمان دەرمان کردبوو. ڕۆبۆتەکان تاکە هۆکار بوون بۆ ئەوەی شتەکان لەخۆم دووبارە نەکەمەوە، تێگەیشتم چ کات پێویستە بخەوم و هەڵبستم، لە کام سات ڕۆبۆت بم، لە کام ڕێگە مرۆڤبم، وەلێ هەمیشە شتەکان کاتیین، ئەو ڕیتمە نادۆزمەوە، کە دەمەوێت، نامەوێت وەک ڕۆبۆتەکان ببم بە خزمەتکاری خاوەنەکەم، من دەمەوێت یەکەم کەس بم دروستکارەکەم بکوژم. پرسیار بکەم و چاوەڕێی وەڵامەکەی نەبین، (جیهانی ڕۆژاوا) جێبهێڵین، هیچ چیرۆکێک هی خۆمان نییە، تا بەتەواوییی بینووسینەوە و باسیان بکەین، خۆ ئەگەر تاقە شوێنێکیشمان هەبێت، ئەوە دەرفەتی ئەوەمان نییە، باسی شتە دڵخوازەکانی خۆمان بکەین، دەگەڕێینەوە، هەمووومان بەڕووالەت گوناهەکانی خۆمانمان زیندانی کردووە و دەمانەوێت چاکە لەگەڵ مرۆڤەکان بکەین، چەند فۆتۆگرافەرێک دێن و وێنەی دیمەنە سۆزدارییەکان دەگرن، دەگەڕێینەوە هەمان شەمەندەفەر، دووبارە لە هەمان دەروازە دەکوژرێینەوە، ئای خودایە من ڕێبوارێکی چەند خراپی تۆم، ئەوەتا هەمیشە من دەبم بە دەستپێکی چیرۆکی چیرۆکنووسێکی دڕندە. دەبم بە شیعری شاعیرێکی بێهوودە. دەبم بە ماسکی شانۆنووسێك. دەبم بە تابلۆیەکی بێزارکار و زوو دەمسووتێنن. ئەم ڕۆبۆتەی ناخمان دەکەین بە هەموو شتێ، جگە لەوەی لە خۆمان ون دەبین، لە ڕاستەقینەی خۆمان دوا دەکەوین. هەرچیمان خۆشویست پەیکەرێک بوو شکاندمان.**

**دەنگیی میوزیك... لە دە چرکە تەواوی تەختی شانۆیەکە ڕووناک دەبێتەوە.**
**ڕەشە بە مەستییەوە دێتە ژوورەوە و بتڵێک شەرابی بەدەستە، لە هەر قوومێکی خواردنەوەی شەرابەکە چەند وشەیەک دەڵێت: (ئای چەندەم خۆش دەوێیت).**
**ڕوو لە بینەر بە شپرزەیییەوە دەستی چەپی لەناو گیرفان، بە دەستەکەی تریش بتڵەشەڕابەکەی پێیە.**

**ڕەشە:** تاوانبار کێیە، کێ لەم زەمانە بێتاوانە؟
**دەنگێک:** هەمووومان تاوانبارین کێ هەیە لەم زەمانە تاوان نەکات؟
**ڕەشە:** کەس بە خۆی نالێت تاوانبار، هەمووومان کەسانی تر تاوانبار دەکەین، هەمووومان لە سووچێکی ئەم ژیانە دەپاڕێینەوە. من نەبێت هەمیشە تا دەتوانم دەخۆمەوە، مرۆڤ دەتوانێت بە مەستیی زۆر شت بەدەست بهێنێت؛ شەرابێکی خۆش و کچێک، کە لەتەنیاییدا دەستبازیی لەگەڵدا بکەی. هەمیشە خۆم سەربەست کردووە، خۆم بە هیچ شتێک نەبەستووەتەوە. (دەمی بە بتڵی

شـەرابەکەوە دەنێت، دەسـت دەکات بـە گۆرانییگوتـن؛ «**گـوڵـم!/ دڵـم پـڕە لـە دەرد و کـوڵ/ ئەڵێـم بـڕۆم لـە شـارەکەت**»، بـۆ چـەنـد چرکەیـەک بێدەنـگ دەبێت، بـە تۆنێکـی نـزم دەسـت بەقسـان دەکاتـەوە).
کاتێک لـە سـووچێکی ئـەم باخچـە نەفرەتیـە یەکـەم ژوانمـان کـرد، زۆر شـت هەبـوو، کە نەدەبوو بمان گوتبان، چاوەڕوان بووین هەموو ڕووداوەکان ببن بە برینێک تا هەمیشـە خەڵک بهێنێتـە پێکەنین، ئاخر وی وتـی؛ با هێنده تاوانـەکان لەخۆمـان نزیک نەکەینـەوە، هێزمـان لەبـەر ببڕێنێت.
**(ڕووی پرسیار لە بینەر دەکات).**
هەمووتـان وا بیربکەنـەوە، کە ئـەم دنیایە تاقە ئومێدێکی تێدا نەمـاوە، کەچـی خۆمـان هەڵدەخەڵەتێنین، بەدوای ژیانـدا دەگەڕێیین. بۆ بـەوە غەمباربین، کە جێدەهێڵدرێیین، هەرخـۆی ژیـان لـەم وڵاتـە بـووە بە زیندانێک بـۆ ئێمـە. ئاخر بۆ بـەوە دڵخۆش نەبین، کە شتەکان جێماندەهێڵن؟ هەموومـان لـەم وڵاتـە یەکچارەنوسمان هەیە.
**(سـۆناتای چـل بیتهـۆڤـن دەبیسـترێت، پـاش (١٥) چرکـە دەگۆڕدرێـت بـۆ ئـاوازی فلووت، ڕەشە لەبەرخۆیـەوە بە تۆنێکـی نـە زۆر نـە کـەم؛ «دڵـم دەرهـات و تـۆ هـەر دەرنەهاتـی/ نەهاتـی هـەر نەهاتـی» چـەنـد جارێـک ئـەم دوو دێـڕە لەبەرخۆیـەوە دەڵێتـەوە.)**

**ڕەشە:** ئای خودایە، ئێوارەیەکی چەند جوان بوو ئەو ڕۆژە، باخچەکە پڕبوو لە پەپوولە و گوڵی جوان جوان، دەمنادەم دەنگی بوولبولەکانیش دەهات، کاتێ لە ڕۆژینم
**پرسیی:** تۆ بڵێیت بولبوولەکان لەبارەی چییەوە بخوێنن،
**(دەنگی ژنێک دێت، وەڵام دەداتەوە)**
**دەنگێك:** لەبارەی عیشقی ئێمە لەگەڵ یەکتر دەخوێنن، ئێمە لێرەین، شتێکی ترنییە لەبارەیەوە بخوێنن، جگە لە ئەڤینی ئێمە.
**ڕەشە:** چەندە جوان لەبارەی ئەڤینمان دەخوێنن، لەبارەی ئەوەی چەندە یەکترمان خۆشدەوێت.
**(پانزدە چرکە بێدەنگ دەبێت، دەنگی فلووت لە بەرزییەوە هێواش هێواش نزم دەبێتەوە)**
**ڕەشە:** ئا ئەمە ساتێک بوو، کە جێیهێشتم. بەشێک لە ژیانم بوو. هیچ ئومێدێک نەماوە، جگە لە خۆشەویستیی. جەنگ هەموو شتێکی وێرانکرد، من لە جەنگ دام؛ نە عیشقێ، ژیانێ، ماچێ، سێکسێک و باوەشگرتنێک، هیچ شتێک نەماوە، خودایە من بۆ لەم جەنگە دام؟
**(ڕۆژین لەلای چەپی تەختەی شانۆ دێتە ژورەوە، جلێکی سپیی و لەچکێکی ڕەشی لەسەرە، ڕوو لەبینەر دەکەوێتە سەر چۆک)**
ڕۆژین: هاتووم دەمەوێت دانیپێدابنێم، کە من تاوانبارنیم، دەمەوێت ئەو گرییە لەسەر دڵم لابەرم، کە بە درێژایی ژیان لەگەڵ پیاوسالارەکان ژیاوم، دەیان پیاو لە ژیانم هەبوون لە باوک، برا و هاوڕێ، هەموویان دوو ڕوویان هەبوو، کاتێک منداڵێک لەدایک دەبێت، دەڵێن: حەیفە کچە، پاشان خەتەنەی دەکەن و دەڵێن: با ئارەزووی نەمێنێت، دوایی دەڵێن:

عەقلی/ کەمە
چاوی/ پڕە لەشەهوەت
دەنگی/ عەورەتە
قژی/ فیتنەیە
جەستەی/ پیاو توشی لادان دەکات
کاری/ تەنیا منداڵخستنەوەیە
شوێنی کارەکەی بریتییە لە/ماڵەوە
لەکۆتاییدا بوونەوەرێکی شەرمن، ترسا و تێکشکاومان لێدەردەچێت و تەنیا بە جەستە ژنین!
کاتێکیش شوو دەکەین پیاوەکان گلەیی ئەوەمان لێدەکەن، کە سارد و سڕین، ڕووخۆش و کراوەنیین و لاوازیی سێکسییمان هەیە. ئەنجامەکەشی لێکجوودابوونەوە و سەرگەردانبوونی ئێمەی ژنە. لە هەموو شوێنێک بە چاوێکی سووک سەیرمان دەکەن، ئا من بە درێژایی ژیانم لەگەڵ ئەم مرۆڤانە ژیاوم، من کوا لە خۆشەویستیی دەزانم، چ خۆشەویستییەکیش؛ خۆشەویستی لەسەردەمی تەکنەلۆژیادا!

**بێدەنگیی و دەنگی فلووت**

**(ڕەشە لای ڕاستی تەختی شانۆ لەسەر کوورسیی دانیشتووە، وەك هەمیشە جگەرەی لەنێو لێوەکانە)**

**ڕەشە:** ئێمە فێرکراوین لە خودا بترسین، فێرکراوین لەهەموو شتێک بترسین، هەموو ژیانی ئێمە پڕاوپڕە لە ترسنۆکیی؛ ترسان لە دۆزەخ، ترسان لە خودا و ترسان لە ئەشکەنجە. ئێمە باشین، ئێمە شەریفین، تەنیا لەبەر ئەو هۆیەی ئێمە ترسنۆکین، بەڵام لە ڕاستییدا سەروەرییەکی لەم جۆرە لەسەر ڕایەڵی ترس وەستاو، چ نرخ و بەهایەکی هەیە؟

**(ڕۆژین هەر لەسەر چۆک کەوتووە، ڕووناکیی تەنێ لەسەر ڕۆژینە، تەواوی تەختی شانۆیەکە تاریک دادێ، دەنگی فلووت بە ئەستەم دێ)**

**ڕۆژین:** کێ لە ئێمە لەم ئەڤینەمان تاوانباربووین، منێک هەمیشە نازانم خۆشەویستیی بکەم، تۆ نازانی ئەڤین چی بەسەر ژیانم هێنا، وڵاتێک ئەڤین تێیدا هێڵی سوور بێت، ترس چۆن دەهێڵێت فێری ئەڤین ببین و بەردەوام بین. نا، جێهێشتن باشترە لە کوشتن، جاران چیایەکان شوێنی شۆڕش و عەشقی نیشتیمان بوون، لێ ئێستا بووەتە شوێنی کوشتنی کچە ئەڤیندارەکان، من

تاوانبارنیم ئەوە ئەم نیشتیمانە و کۆمەڵگەیەیە، کە تاوانبارە. من ئەڤینی تۆم جێنەهێشت، دابونەریتە حیزەکان بوون ئەڤینیان قبووڵ نەکرد.

**(تەواوی تەختی شانۆیەکە تاریك دەبێت، لە دە چرکە تەختی شانۆیەکە ڕووناك دەبێتەوە؛ ڕۆژین لەپێوە ڕوو لەبینەر لەلای چەپ دەوەستێت، ڕەشە لە لای ڕاست، پشت لەبینەر هەردووکیان دەمانجەیەکیان لە دەستی ڕاستە، لەسەر سەری خۆیان ڕاگرتووە)**

**دەنگێک**

**شوێنی دوو گوللە بەسەر دیواری ژوورەکە دەنەخشرێت، دوو دڵدار هاتوونەتە ئەم ژوورە، ئەڤینەکەیان بەرەو جیهانێکی تر دەبەن؛ جیهانێک هەموو مرۆڤە جوانەکانی لێیە، لەوێ کەس گوێ بە دابونەریتە بێماناکان نادات، لەوێ هەمووان یەك ئایینیان هەیە، ئەویش ئایینی عیشق، نوێژیی عیشق، سڵاوی ئەڤین. ئەوان دەچن بۆ ئەو جیهانە.**

**(ڕۆژین و ڕەشە لەگەڵ یەک، بەیەک تۆن، دەست بە ژماردنی چرکەکان دەکەن، تا کاتێکی گونجاو دەبیننەوە بۆ تەقاندنی دەمانجەکە؛ یەک دوو سێ چوار پێنج شەش حەوت...)**

ڕەشە بە دەستی چەپی، پاکەتە جگەرەکەی دەردەهێنێ، ڕۆژینیش سووراوەکە لە ساکەکەی دەردەهێنێ؛

هەشت نۆ دە ...

**ڕەشە** جگەرەکە دەخاتە دەمی، ڕۆژین بە دەمی سەرکی سووراوەکە لا دەبات؛

یازدە دوازدە سێزدە ...

**ڕەشە** هەر بە دەستی چەپی چەرخەکەی دەردەهێنێت، جگەرەکەی دادەگیرسێنێ، **ڕۆژین** سووراو لە لێوەکانی دەسوێ، هەردووکیان بیریان دەچێت لەکام ژمارە بوون، ڕوو لە بینەر دەکەن دەڵێن:

**ڕەشە:** ئەو کاتەی ویستم پێی بڵێم خۆشم دەوێیت، هەر ئەو دەمە بوو، کە داگیرسانی جگەرەیەک تەواوی ئەو قسانەی پێبڕیم، کە دەبوو پێش ڕۆیشتن بمکردبا.

**ڕۆژین:** ئەوکاتەی ویستم پێی بڵێم خۆشمدەوێیت، هەر ئەو دەمە بوو، کە سووراوم لە لێوانم دەسوی، تەواوی ئەم قسانەی پێبڕیم.

هەردووکیان پێکەوە، دەڵێن؛

ئێستا ژووریکمان هەیە بۆ خۆکوشتن، ئیتر هیچ شتێک ئەم خۆکوشتنەمان پێنابڕێت، خۆکوشتنێک و گەیشتن بە ئەڤینەکەمان.

**(تەواوی تەختی شانۆیەکە تاریک دەبێت، دەنگی دوو گوللە دێت، لەگەڵ دەنگی خۆکوژەکان)**

دەنگێک

**خودایە بهێڵە با لەنێو یەکێک لەم دەقانەدا بمرم، یارمەتیم بدە بمرم، ئەم دەقانەی من هەمە هی ژیان نییە. قاچەکانی من گۆشت وخوێنن و بەرگەی ئەم ڕێگە دوورانە ناگرن. ئێستا ٤٨ خولەکە، نە ڕێگەی ڕزگاربوونی بۆ ماوەتەوە و نە هیوای ژیان. کات بۆ هەموو شتێك بەسەر چووە. بهێڵە با ببم بە پەیکەر و ئەڤینداران ناوی دڵبەرەکانیان لەسەرم بنووسن، بەڵام با بۆ هەمیشە لەم جیهانە ون بم. کەس دەرچەی مردنیشی بۆ نەهێشتوومەتەوە. بڕوانە،** (بۆ چەند چرکەیێک ڕووناکیی لە ناوەڕاستی شانۆیەکە دەدات، کەسێک پشت لە بینەر دەستەکانی بەرەو ئاسمان بەرز کردووەتەوە و درێژە بە قسەکانی دەدات) **سەیرم بکە من ٤٨ خولەکی تر، ژیانم گەرەکە، ڕووح و جەستەم هەردووك مردوون، کەچی هێشتا ماوم، وەک کیسەڵێکم؛ هەموو ژیانم لەکۆڵ بێت، شەقاوەکان بەدەیان ڕۆژ چەند مەترێکی کەم دەبڕن، ئەم کۆڵە هی من نییە، من دەمێکە دابڕاوم لە کاروانەکانم.**

**سەیرم بکە من نە تارماییيەکی سەرگەردانم و نە مرۆڤ.**

❊ ❊ ❊

## پەردەی سێیەم

**ڕوو لە بینەر چەند سەنگەرێکی لێیە، لەلای دەستە چەپ، کورسییەک دانراوە، دەنگی میوزیك بە ئەستەم دەبیسترێت. سەربازێک لەسەر کورسییەکە خەریکی نووسینە، چەند کاغەزێکی دڕاوی لەبەردەمی کەوتوون. دوو سەربازیش لە سەنگەرەکە؛ یەکیان پشتی بە سەنگەرەکەوە داوە و ئەوی تر، ڕووی خۆی و چەکەکەی لە بینەر. ڕووناکی دەدات لە سەربازی یەک، تەواوی بەشی تەختەی شانۆیەکە تاریکە.**

سەربازی یەک: چوار ڕۆژە دەمەوێت نامەیەک بنووسم. نامەیەکی خۆشەویستیی، ڕقلێبوونەوە و میهرەبانیی. لە کۆتاییدا ڕەنگەکانی مردنی لەسەر بنەخشێنم، وەلێ من نە کەسم خۆشویستووە، نە هونەری نامەنووسینیشم هەیە، نە تابلۆکێشم ڕەنگەکان بنەخشێنم. ئای خودایە سەربازێکی چەندە بێکەڵکم، نازانم دوو قسەی ڕێکوپێکیش بکەم، لە هەمبەر ئەو جەنگەی، کە هی ئێمە نییە.

دەنگێک

**لێرە، کە بەیانیان هەڵدەستمەوە لەخەو، یەکەم کارم ئەوەیە ئەو مشکانەی سەر سینەم لابەرم، ژێر سەرینەکەم لە قالۆنچە، مێرووله و سیسرکە پاک بکەمەوە، جا دوای ئەوە بچم دەموچاوم لەنێو شڵپاوی سەربازەکان بشۆم، تینوومە و دەچم ئاو بە غودەکەم دەخۆمەوە، دواتر دەچم قۆریەکەی چا دەهێنم. سەیرە ئەمڕۆ هیچ حەشەڕاتێکی تێدا نییە، نازانم ئەو ئاوەی دەیخۆینەوە و دەیکەینە نێو قۆریی، تاچەند خاوێنە، بەهەمەحاڵ بابچم چایەکە چێ بکەم، سندان لەهەرچی ڕوو دەدات.**

**چایەکە لەسەر تەباغێکی بچووک دادەنێم، وابزانم دوو ساڵە پاک نەکراوەتەوە، دەرگەی سەلاجەیەکی بێکارەبا دەکەمەوە، کامە بۆنی ناخۆشە لەناو ئەم سارنجە خۆی مەڵاس داوە، قاپە ماستێک دەردەهێنم، کە هی سێ ڕۆژ پێش ئێستایە، بڕاڕۆۆۆ کە ترشە، دەی ئەوە سەربازییە، لە بەرەی جەنگین، باشە ئەو نانە بۆ وا بۆر بووە؟ نانەکەم تەواو کرد، تاقم دەبەستم و چەکەکەم لە شان دەکەم.**
**٤٨ خولەکی تر جەنگ دەستپێدەکات.**

**ڕووناکیی تەنێ دەکەوێتە سەر ڕەبایەکە.**

**سەربازی دوو** ڕوو لە **سەربازی سێ** دەکات و دەڵێت: دەترسم دوای جەنگ کاتێ گەڕاینەوە، دڵدارەکانمان لە باوەشی کەسانی تر بن. کێ دەڵێ ئێمە براوەی ئەم جەنگەی دڵدارەکانمان دەبین؟
**سەربازی سێ:** هیچ کچێکت بینیوە باوەش بە باڕووت و خوێندا بکات؟ ئەوان پاڵەوانی جەنگەکانیان ناوێت.
**سەربازی دوو:** ئێمە بە گوللەی دڵدارەکانمان شەهید دەکرێین، سرووودی کامە جەنگ بڵێینەوە، کامە ئاڵا لە برینەکانمان بپێچین؟
**سەربازی سێ:** سپاس بۆ جەنگ، کە زۆربەی کچانی ئەم وڵاتەیان پێناساندین.
**سەربازی دوو:** ئاخر من برینی دەیان کچی ئەم وڵاتەم لەسەر لەشم ماوە، برینی ئەو کچانەی خۆشم نەویستن و سێکسم لەگەڵ کردن، ئەو کچانەی خۆشم ویستن و جێیان هێشتم.

بێدەنگیی

**دەنگێک لە تاریکیی**

**لێرە، کە بەیانیان هەڵدەستمەوە لەخەو، یەکەم کارم ئەوەیە ئەو مشکانەی سەر سینەم لابەرم، ژێر سەرینەکەم لە قالۆنچە، مێرووله و سیسرکە پاک بکەمەوە، جا دوای ئەوە بچم دەموچاوم لەنێو شڵپاوی سەربازەکان بشۆم، تینوومە و دەچم ئاو بە غودەکەم دەخۆمەوە، دواتر دەچم قۆریەکەی چا دەهێنم. سەیرە ئەمڕۆ هیچ حەشەڕاتێکی تێدا نییە، نازانم ئەو ئاوەی دەیخۆینەوە، دەیکەینە قۆریی، تاچەند خاوێنە، بەهەمەحاڵ بابچم چایەکە چێ بکەم، سندان لەهەرچی ڕوو دەدات، چایەکە لەسەر تەباغێکی بچووک دادەنێم، وابزانم دوو ساڵە پاک نەکراوەتەوە، دەرگەی سارنجێکی بێکارەبا دەکەمەوە، کامە بۆنی ناخۆشە لەناو ئەم سارنجە خۆی مەڵاس داوە، قاپە ماستێک دەردەهێنم، کە هی سێ ڕۆژ پێش ئێستایە، بڕاڕۆۆۆ کە ترشە، دەی سەربازینە، لە بەرەی جەنگین، باشە ئەو نانە بۆ وا سپی بووە؟ نانەکەم تەواو کرد، تاقم دەبەستم و چەکەکەم لە شان دەکەم.**
**٤٨ خولەکی تر جەنگ دەستپێدەکات.**

دەنگی میوزیک، ڕووناکیی لەگەڵ یەک بەرز دەبنەوە. تەواوی تەختی شانۆ ڕووناک دەبێتەوە، میوزیک لە یەکڕیتم دەوەستێت، **سەربازی یەک** کورسییەکەی جێدەهێڵێت، بەدەم ڕێگەوە و بە تۆنێکی بەرز گۆرانیی دەڵێت؛
**«گوڵم!/ دڵم پڕە لە دەردو کوڵ/ دەڵێم بڕۆم لە شارەکەت»**
تا دەگاتە سەنگەرەکە و سەربازەکانی تر، هەر دەنووسێت، کاغەزەکە دەدڕێنت.

**سەربازی یەک:** بەر لەوەی چەکەکانمان پاک بکەینەوە، جەنگ لەخەو هەڵمانبستێنێت، وشەگەلێکم لەنێو ئەم نامانە جێدەمێنێت خودا دەهێنێتە پێکەنین.
سەربازی دوو وەک ئەوەی ژنێکی لەباوەش گرتبێت، توند چەکەکەی لە باوەش گرتووە، ڕوو لە سەربازی سێ دەکات، دەڵێت: تۆ قەت سێکست کردووە؟
**سەربازی سێ:** نا هەرگیز نەمکردووە و ناشیکەم.
سەربازی یەک، بەدەم دڕاندنی کاغەزەکان، دەڵێت: چ نهێنییەک لە پشت ئەم نەکردنە دایە؟ ئاخر تۆ زوو زوو پێمان ئێژی «سێکس نوێژی سروشتە!»
**سەربازی سێ:** نهێنییەکەت پێدەڵێم، چوون دەزانم دوای چەند چرکەیەکی تر جەنگ دەستپێدەکات، لە کۆتایی جەنگدا گوللەیەکم بەر سەر دەکەوێت، سەرم دەبێتە خۆراکی ئەم نهێنییە؛ ساڵی ١٩٩٨ بوو، لە گەڕەکی ئێمە تاقە کچێکی لێبوو ناوی سەما بوو، ڕۆژێک دەمەو نیوەڕۆیەکی بەهاریی، لەبەر دەرگەی ماڵی ئەوان یارییمان دەکرد، لە ناکاو پیاوێک لەبەر چاوی ئێمە خۆی بە ماڵی سەمادا کرد، لە سەمام پرسی ئەمە کێیە؟ گوتی هەموو ڕۆژێک لەم کاتانەدا دێت و سێکس لەگەڵ دایکم دەکات. ئەو کات من نەمدەزانی سێکس واتای چییە. سەما دەیگوت دایکم بەڵێنی پێداوم، کە گەورە بووم فێرە سێکسم بکات، من ئێستا ئاوات بە گەورەبوونم دەخوازم، هەر ڕۆژێک زووتر گەورەبم، زووتر فێری سێکس دەبم، سەما لەو ڕۆژەدا لێم پاڕایەوە، گوتی کاتێ فێری سێکس بووم، دەمەوێت یەکەم کەس تۆ بیت سێکست لەگەڵ بکەم، نامەوێت وەک دایکم هەر ڕۆژە و لەگەڵ پیاوێک سێکس بکەم.

**(چاوانی پڕ لە فرمێسک دەبێت، بۆ ساتێک بێدەنگ دەبێت، تەنێ دەنگی کاغەز دڕاندن دێت.)**
**سەربازی یەک:** ئەی دواتر دوای ئەوە چی؟
**سەربازی سێ:** منیش بەڵێنم بەودا، سوێندم بەخودا خوارد، ئەوکات منداڵ بووین و لە خودا دەترساین، ئیدی بەر لەوەی سەما فێری سێکس بکرێت، خەڵکانی گەڕەک ماڵی سەمایان لەوێ دەرکرد، دەیانگوت ئابڕووی گەڕەکەکەمانی بردووە، لەو ساتەوە سەمام نەبینییەوە، جگە لە دەستپەڕکردن بەسەر سەما، هیچی ترم بۆ نەماوەتەوە، ئەوکات هیچ سێکسێکم لەگەڵ نەکرد، تاکە.

شت لەو بۆم ماوەتەوە، دەستپەڕکردنە، ناتوانم لەگەڵ هیچ ژنێک سێکس بکەم، بۆیەش تا ئێستا هاوسەرگرییم نەکردووە.
جگەرەیەک دادەگیرسێنێت، قسەکانی تەواو ناکات. تەواوی ئەو شوێنە تاریک دەبێت، تەنێ ڕووناکایی جگەرەکە دەمێنێتەوە، دەنگێک دێت و دەڵێت: دووژمن وا هێرشی هێنا، شوێنەکانتان بگرن.
**سەربازی یەک:** شوێنی خۆت بگرە، ئەم باسە ماوە و دەبێت تەواوی بکەیت، ڕەنگە منیش ئەم نامەیە نەفرەتییە بنووسم، کە ناشزانم کێ دەیخوێنێتەوە.
دەنگی تەقە
**سەربازی سێ:** ڕەنگە قەت تەواوی نەکەم، ئەم نهێنییە سەرم بخوات.
**سەربازی دوو:** ئەوەتا دوژمن دیارە، تەقەی لێبکە.
دەنگی تەقە زێتر دەبێت.
**سەربازی سێ:** تۆ تەقەی لێبکە، من چاوم حوکم ناکات.
**سەربازی یەک:** هەرسێکمان دەکوژرێین، ئێتر نە ئێوە دوا دەستپەڕی خۆتان کردووە، نە من نامەیەکی ڕێکوپێکم نووسیوە.

**بێ دەنگیی**

**ڕووناکیی لەناوەڕاستی تەختی شانۆ دەدات، دەنگی میوزیك دێت، ژنێك بە سەماكردن چەند جارێك بەلای ڕووناكییەكە تێدەپەڕێت، كۆتا جار دەڵێت؛ «ئەوانەی ٤٨ خوولەكیان مابوو بۆ جەنگ؛ مردن و كەس تەرمەكانیانی نەدۆزیەوە، كەچی ئەوەتا نیشتمان بەدوو خولەك لەبیری كردن و ئەو شوێنەی خوێنیان لێڕشت، خیانەتیان لێكرد و هەڵاتن و كەسانی تر، لێی پاڵكەوتوون»**
**تەواوی تەختی شانۆیەكە تاریك دەبێت، لە دە چركە ڕووناك دەبێتەوە.**
**تەرمی ڕۆژین و ڕەشە لە ناوەڕاستی تەختی شانۆیەكە لە ژێر پەتوویەكی خوێناوییی و دەنگی لێدانی دڵ هێواش هێواش بەرزدەبێتەوە و نزم دەبێتەوە.**
**سارا و كات دێنە ژوورەوە**
**کات:** ئێتر تۆ کەسێکی ئازادیی، لەمڕۆوە بە پێی یاسا چیتر من و تۆ هاوژین نین.
کات (**بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکات**): ئای خودایە چەند خۆشە لە قیڕەقیڕی ژن نەجات بووم، چیتر گوێم لە زەمی خەڵک و پرتەپرتی بەیانیان نابێت، ئێتر کەس پێم ناڵێت بۆ منداڵتان نابێت.
سارا (**وەک ئەوەی هەزار چەقۆی لە جەستە درابێت بە گریانەوە**) دەڵێت:

**خودایە بهێڵە با لەنێو یەکێک لەم دەقانەدا بمرم، یارمەتیم بدە بمرم، ئەم دەقانەی من هەمە هی ژیان نییە. قاچەکانی من گۆشتوخوێنە و بەرگەی ئەم ڕێگە دوورانە ناگرێت. ئێستا ٤٨ خولەکە، نە ڕێگەی ڕزگاربوونی بۆ ماوەتەوە و نە هیوای ژیان. کات بۆ هەموو شتێك بەسەر چووە. بهێڵە با ببم بە پەیکەر و ئەڤینداران ناوی دڵبەرەکانیان لەسەرم بنووسن، بەڵام بهێڵە بۆ هەمیشە لەم جیهانە ون بم. کەس دەرچەی مردنیشی بۆ نەهێشتوومەتەوە. بڕوانە،** (بۆ چەند چرکەیێک ڕووناکیی لە ناوەڕاستی شانۆیەکە دەدات، کەسێک پشت لە بینەر دەستەکانی بەرەو ئاسمان بەرز کردووەتەوە و درێژە بە قسەکانی دەدات) **سەیرم بکە من ٤٨ خولەکی تر، ژیانم گەرەکە، ڕووح و جەستەم هەردووك مردوون، کەچی هێشتا ماوم، وەک کیسەڵێکم؛ هەموو ژیانم لەکۆڵ بێت، شەقاوەکان بەدەیان ڕۆژ چەند مەترێکی کەم دەبڕن، ئەم کۆڵە هی من نییە، من دەمێکە دابڕاوم لە کاروانەکانم.**

**سەیرم بکە من نە تارماییییەکی سەرگەردانم و نە مرۆڤ.**

تارمایی **ڕەشە** بە بتڵە شەرابەکەیەوە دێتە ژوورەوە و ڕوو لە بینەر دەکات و بە تۆنێکی ناوەند؛

ئا لێرە، لە جیهانی مردووەکان. دەیان سەفەر لە مێشکم دایە، دانیشتووم بیر لەو دەیان ڕێگەیانە دەکەمەوە، دەیان گۆرانیی لە قوڕگمدایە، تۆزی ئەم جەنگە زمانمی تەنیووە، بەدەیان جار خۆشمویستی، دەیان برینت خستە سەر دە پەنجەم.

ڕوو لە تەرمەکەی **خۆی** دەکات و دەستی بۆ درێژ دەکات، تەرمەکە ڕاکشاوە، تەرمەکە بە پەتوویەکی خوێناویی داپۆشراوە، بەردەوام دەبێت؛

دەیان جار خۆمان کوشت، جارێک زیندوو نەبووینەوە. نە سەفەرەکان هی خۆمن، نە ڕێگەکان، نە گۆرانیییەکان، نە جەنگەکان، نە خۆشەویستیی، نە برین، نە زیندووبوونەوەکان. هیچیان هی خۆم نین. تۆ ببە بە هی خۆم، هەموو ئەو دەیانەش بۆ تۆ !

**تەواوی تەختی شانۆیەکە تاریك دەبێت. دەنگی هارمۆنیا دەبیسترێت بۆ ماوەی ١٥ چکەکە.**

❊❊❊

## پەردەی چوارەم و کۆتاییی

لە ناوەڕستی ژوورەکە، پەتێک بە درێژیی ٢ مەتر؛ لە پەتەکە بازنەیەکی ٣٠ سانتیم دروست کراوە و هاتووەتە خوارەوە. لەژێر پەتەکە کورسیییەک دانراوە، لای چەپی ژوورەکە باولەیەکی شینی لێیە.

**چیرۆکگێڕەڕەوەکە لەناو بینەران بەرەو تەختی شانۆیەکە دێت، دەنگی پێیەکانی و دەنگی هارمۆنیا لە یەک تۆن دەبیسترێت**
**(تا دەگات بە تەختی شانۆ، چەند جارێک یەک ڕستە دووبارە دەکاتەوە(**
**(هەمووومان چیرۆکێکمان هەیە، بەڵام هەمووومان گێڕەڕەوەمان نییە)**
**دوای دە هەنگاو دێڕێکی تر دەڵێت:**
**)کاتێ شتانێک لە ناخمان دەشکێت، نزیکترین هاوڕێ، کە لە بیرکردنەوەکانماندا وەمێنن، خۆکوشتنە)**

دەنگی پێیەکانی و هارمۆنیا نامێنێت، تەنێ دەنگی هەناسەیەکی قورس دەبیسترێت، لەگەڵ ڕووناکیی جگەرەکەی دەبینرێت دوای ١٥ چرکە.
هێواش هێواش ڕووناکیی دەکەوێتە سەر کورسیییەکە.
چیرۆکگێڕەرەوەکە لەسەر کورسیییەکە دانیشتوە و چەند کاغەزێکی لەدەستە، کە نیوەیان سووتاون.
دەنگی هەناسە نامێنێت.
سەری لەنێو دەستەکانی شاردووەتەوە و بە تۆنێکی ماندووانە دەڵێت:
نەماندەزانی چیرۆکەکان بە مردن کۆتاییان پێدێت، بەڵێ دەزانم **(سەری لەنێو دەستەکانی دەردێنێت و ڕوو لە بینەر)** هەمووتان ڕقتان لە مردنە؛ لەنێو چیرۆکەکان ڕقتان لەو دابڕانە؛ ڕقتان لەو فیشەکانە بوو، کە ئەبوو بۆ سەرکەوتن بیان تەقاندبان، نەک بۆ خیانەت.
بەڵام لەم وڵاتە هەموو ئەم شتانە ڕوودانیان ئاساییە، وڵاتێک دوو پاشای هەبێت، دوو سیستێمیان هەبێت، دوو ڕەنگیان لە بازگەکان هەبێت، ئیتر مردن، دابڕان و خیانەت سێ شتن یەکتر تەواو دەکەن.
من لێرەم، ئەوەتا برینی ئەو هەموو چیرۆکەم هەڵگرتووە بۆ ئێوە دەگێڕمەوە، ئای خودایە چیرۆکگێڕەڕەوەیەکی چەندە خراپم، هەمیشە ئەو چیرۆکانە دەگێڕمەوە کۆتاییەکەیان پڕ بێت لە چەقۆی ژیان.
**(لەسەر کورسیییەکە هەڵدەستێت و دەچێتە لای باولییەکە.**
**دەرگەی باولییەکە دەکاتەوە، چەند جلێکی خوێناویی، شریت، چەند نامەیەک دێنێتە دەر)**
جلە خوێناوییەکان بەرز دەکاتەوە.
ئەم جلانە هی ئەو دوو ئەڤیندارەن، کە کولتوور و کۆمەڵگە کوشتنی. ئەوەتا تاکە شت، کە لێیان مابێتەوە، تەنێ ئەم جلانەن، ئەوان مردن و کەچی دەیان ئەڤینی تر لە چیایەکان دەکوژرێن و زوو لەبیریان دەکەین.
**(شریتەکان بەز دەکاتەوە)**

ئەم شریتانە هی ئەو ژن و مێردەن، کە ڕابردوو و تەکنەلۆژیا زەفەری پێبردوون. لێکی دابڕاندوون. ئەوەتا دوای چەند ساڵ، تاکە شت لە هاوژینیی ئەوان مابێتەوە؛ ئەم شریتانەن، کە باس لە دەیان چیرۆک دەکەن و دەیانەوێت ژن و مێردەکانی تر وشیار بکەنەوە، لێ کەس چیرۆکەکانی نەگێڕایەوە. دەیان فایلی تەلاق لە مەحکەمەکانی ئەم وڵاتە کەوتوون، ئەوانیش چیرۆکەکانی خۆیان بە جۆرێکی تر دەخەنە سەر کاسێتە ڕەنگاوڕەنگەکان.

**(جل و شریتەکان فڕێ دەداتە ناو بینەرەکان و دەڵێت):**

فەرموو هەمووتان بەچاوی خۆتان ببینن و گوێی لێبگرن، ئێوەش بەشێکن لەم چیرۆکانە، ئێوەش هۆکارێکن لەم چیرۆکانە، بۆیە چیرۆکەکانتان بگێڕنەوە.

**(نامەکان بەرز دەکاتەوە)**

ئەم نامانە هی ئەو سەربازەیە، کە لە خاکی خۆیدا خیانەتی لێکراو کوژرا. ئای سەربازی داماو، دەتویست چی لەسەر ئەم نامانە بنووسیت؟ دەتویست چ شتێک بۆ مێژوو جێبهێڵیت، کە جەنگ تاکە شتە، وەک مردن سەربازەکانی لەبیر دەکردن.

**(دەگەڕێتەوە سەر کورسییەکەی و دادەنیشێت، لەگەڵ داگیرساندنی جگەرەکەی، دەنگی هارمۆنیا دەبیسترێت، قوومێک لە جگەرەکەی دەدات، دەموچاوی بۆ ساتێک لە دووکەڵی جگەرەکە ون دەبێت، لەناو دووکەڵەکەوە دەست بەقسان دەکات)**

ئەی نەوەکانی داهاتوو، هەموو چیرۆکەکانی ئێمە بخوێننەوە، مەهێڵن ببین بە مێژوویەکی ڕەش، تا دەتوانن چیرۆک بگێڕنەوە لە کۆتا دێڕ بهێڵن خۆمان بکوژین، بڵێن ئەمەیە خۆکوشتنی ئەوان، مرۆڤگەلێکی تەنیا و تێکشکاو ببین، دەست بە زگی خۆتانەوە بگرن، بگرین و پێبکەنن، ئەمە بوو سەتەی ئەوان.

ئەوەتا لەسەر کورسیی تاوانەکانم دانیشتووم، چیرۆکتان بۆ دەگێڕمەوە، هەمووشتان پڕن لەم چیرۆکانە، دەیان چیرۆک؛ خوێنی سوور و سپیی لەبەر دەڕوات، دەمتان بکەنەوە، چیرۆکەکانتان بگێڕنەوە، ئەم خوێنبەربوونە ڕۆژێک بەبێنازیی و لەکۆڵانێکی ئەحمەقی ئەم شارە، دەتان کوژێت.

**(جگەرەکەی کوژاوەتەوە، قونکە جگەرەکەی دەخاتە گیرفانی، لەسەر کورسییەکە هەڵدەستێت و بە چەرخەکەی ئاگر لە نامەکان و کاغەزەکان بەردەدات و فڕێیان دەداتە سەر کورسییەکە، بەدیار سووتانی کاغەرەکانەوە دەڵێت):**

خۆتان ئازاد بکەن، ئەو پەتەی ملتان بپسێنن بەر لەوەی وەک ئەم کاغەزە بسووتێن و ببن بە باسوخواسی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەیان قسەی قۆڕتان دەربارە بکەن بە بیانووی ئەوەی لەخەمی نەمانتانن.

**(خۆڵـە مێشـی کاغـەزەکان دەکاتـە نێـو گیرفانـی چەپـی، جگەرەیەکـی تـر دادەگیرسـێنێت، تـەواوی ژوورەکـە ڕوونـاک دەبێتـەوە)**

چیرۆکگێڕەڕەوەکـە: چیرۆکـەکانـی مـن پـڕن لـە تـاوان، ئاخـر سـەتەی مـن سـەتەی تاوانەکانـە، ئەوەتـا مـن باسـی بوونـەوەرێکـی گۆشـتخۆر و خوێنمژتـان بـۆ دەکـەم، کـە سـوێندیان خـواردووە، هەمیشـە یەکتر لەناوببـەن، ئـەو بوونـەوەرە هەمووما‌ن لـە تەنیشـتمانەوەن، لەگەڵمان دەژن، ئـەو بوونـەوەرە سـەیرەی مـن دەیڵێم: مرۆڤە مرۆڤ. ئـەوە ئـەم نهێنییەیـە، کـە هەمووتـان دەیزانـن، بـەڵام کەسـتان بـەوی تەنیشـتەخۆی ناڵێت.

ئـای خودایە. تۆ بڵێیت کێ چیرۆکی مـن بگێڕێتـەوە. منێک، کـە تـەواو هەڵقوڵاوم لـە ئـازار و مەینەتیی. منێک، کـە تـا ئێستا کچێک نەبـووە بـە ئەڤینم. منێک، کـە هەمیشـە لـە خۆشەویستیی ترسـاوم و گێلانـە سـەیرم کـردووە. خودایـە هـەر خـۆت دەزانـی دەیـان ئەڤینم هەبـووە و نەگەیشـتووم بـە هیـچ کامێکیـان. خودایـە کێ ئـەم چیرۆکـە بێەڤینییـەی مـن دەگێڕێتـەوە؟

)لەسـەر کورسییەکەی هەڵدەستێت، سێ هەنگاو دەچێتە لای چەپ، سـەیری پەتەکـە دەکات، دەگەڕێتـەوە سـەر کورسییەکەی و درێژە بـە قسـەکانی دەدات)

ئێسـتا دەیـان ژن زگپـڕن و دەیـان چیرۆکیـان بـۆ سـەتەکانی داهاتـوو دێنـە ژیان. ئـای خودایـە، ئـەم چیرۆکانـە چـۆن دڵیـان دێـت دایکـی خۆیـان مەحکـوم بکـەن، سـەتەیەک، کـە کـەس گوێ لـەوی تـر ناگرت، کـەس بەرپرسیاریەتیی هەڵناگرێت، ئا ئـەو سـەتەیە؛ کـە هەمـووان دەڵێن: شتێک نەمـاوە بەنێوی ژیـان

**(دەنگـی فلـووت بـۆ ١٠ چرکـە دەبیسـترێت، دواتـر دەگـۆڕدرێـت بـۆ دەنگـی هارمۆنیـا. ڕووناکیـی تەنیـا لەسـەر باولییـە شـینەکە دەدات. چیرۆکگێڕەڕەوەکـە جگەرەیـەک دادەگیرسـێنێت. ڕووخساری لەگـەڵ داگیرسـاندی چەرخەکـەی بەدیـار دەکـەوێت، تـا دەگـات بـە باولییەکـە، چەرخەکـە دەکوژێنێتـەوە، لەسـەر باولییەکـە دادەنیشـێت و درێـژە بـە قسـەکانی دەدات):**

جەنـگ ڕۆژ تاریـک دەکـات و شـەویش ڕوونـاک، لـێ ئێمـە هـەم لـە ڕۆژ و هـەم لـە شـەودا کوێر و لاڵین. جەنگ دەکەیـن بەبیانـوو و بـەدوای تەرمەکانماندا ناگەڕێیـن و جێیـان دەهێڵیـن، بۆمبێـک بیـکات بـە هـەزار پارچـە و هـەزار چیرۆکـی لێبگێڕدرێتـەوە.

**(دەنگـی هەناسـەیەکی توونـد و مانـدوو بتڵە شـەرابێک لە باولییەکـە دەردێنێت، دەم بـە بتڵـە شـەرابەکەوە دەنێت و دواتـر بتڵـە شـەرابەکە لـە شـوێنی خـۆی دادەنێتـەوە و درێـژە بـە قسـەکانی دەداتـەوە)**

هەمـووان دەمریـن و زوو لەبیـر دەکرێیـن، ئـای خودایـە چەنـدە خـۆش دەبـوو ئەڤینیش، وەک مـردووەکان زوو لەیـاد بکرابوایـە، لـێ ئەڤین؛ جەنگێکـە هەمـوو ڕۆژێک سـەربازی خۆمـان تێیـدا شـەهید دەبن.

**(دەنگی میوزیک نامێنێت، تەنێ دەنگی هەناسە دەبیسترێت، چیرۆکگێڕەوەکە دەگەڕێتەوە لای کورسییەکە، بەسەر کورسییەکە دەکەوێت، دەنگی هەناسە تا دێت، تووندتر دەبێت، ڕووناکیی تەواوی کورسییەکە و پەتەکە ڕووناک دەکاتەوە)**
چیرۆکگێڕەوەکە: هەمیشە ڕقم لەوە بووە، بە مردنی خۆم بمرم، تاکە ئەڤینم، کە هەمبێت خۆکوشتنە. تاکە ئەڤین، کە پێی بگەم خۆکوشتنە. هەمووتان ئەڤینێکتان هەس، بەڵام ئەڤینی من لە هی هەمووتان پیرۆزترە. ئای خودایە، من بەم بۆنە ناخۆشەی دەمم دەگەڕێمەوە لای، بەم جلە شڕانەوە دەچمە لای ئەڤینم. ئەم بۆنە ناخۆشەی دەمم ناو بنێم چی؟ ئەم جلە شڕانەم بە چ جۆرێک بکەم بە ئاڵا؟ ئەی ئەڤینی خۆشبەختییم، وا بەرەو لای تۆ پێنگاڤ دەنێم، ئەی ئەو کەسەی چیرۆکەکەی من دەگێڕیتەوە، تۆ تا نەگەیت بە خۆکوشتن، ناتوانی ئەم ڕق و قینەیەی من بگێڕیتەوە، چۆن دەتوانی بێ خۆکوشتن، ئەم چیرۆکە بۆ خۆشەویستانم بگێڕیتەوە.
**(دەیەوێت جگەرەیەکی تر دابگیرسێنێت، پێیەکانی لەسەر کوسییەکە دەخلیسکێت. دەکەوێتە خوارەوە و سەری بە ئەرزەکە دەکەوێت. دەنگی لێدانی دڵی دەبیسترێت، هێواش هێواش لێدانەکانی سست دەبێت، بە قوورسیی هەناسە دەدات، لەیەک خولەك، دەنگی دڵ و هەناسە نامێنێت، ژوورەکە تاریک دەبێت).**

# کۆتایی

****